www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 14-11-2005 12:04

# چەند تێزێک دەربارەی کۆمۆنیستی کرێکاریی ... ستیڤان شەمزینانی

بەشی بینجەم

ناسیۆنالیزم و کورتبینی کۆمۆنیستی کرێکاریی
(ئایدۆلۆژیای ناسیۆنالیزم، ئایدۆلۆژیای بۆرژواکانە)
کارل مارکس



یەکێك لەو چەمکانەی لەئەدەبیاتی کۆمۆنیستی کرێکاریدا گەلێك نێگەتیڤ هێمای بۆ دەکراو زۆریش بەسلبی لەسەر یان دەنووسی و ئاماژەیان پێدەدا، ناسیۆنالیزم و چەمکی نەتەوایەتی بوو.
کۆمۆنیستی کرێکاریی هەر لەسەرەتای یەکەم هەنگاویان بۆ نێو ژیانی رامیاریی بەدروشمی ناسیۆنالیزم شەرمەزارییە بۆ بەشەرییەت هاتن، ئەمەش لای کۆمۆنیستی کرێکاریی لەعێراق وا تەرجومە دەکرا، کوردایەتی شەرمەزارییە بۆ مرۆڤ!.
پێم سەیرە رەوتێکی وەك کۆمۆنیستی کرێکاریی هێندە ساویلکەو گومڕایانە بڕوانێتە هەموو ئەو تێکۆشەرانەی لەپێناوی ئازادی وڵاتەکەیاندا خەبات دەکەن و قوربانی دەدەن لەوەش سەیرتر شەرمەزاریان بکەن.
ئەز بەهاوڕێیانی (حککع) و میراتگرانی سیاسەتی ئاغای حیکمەت لەهەر کونجێکی دنیا دەڵێم:
چ بڕ ئاوەزیی و بڕ مانایییەکە تۆ بتەوێ (هۆشی منە) و (گیڤارا) و (گاندی) و (قازی محەمەد) شەرمەزار بکەی و داکۆکیکردنی ئەوان لەناسیۆنالیزم بکەیتە خاڵی زوعف لەسەریان و لەدادگای کۆمۆنیزمدا دادگاییان بکەیت؟.
کۆمۆنیستی کرێکاریی ئەوەندە بڕ توانا بوو نەیدەتوانی ئیدارەی گەڕەکێك بدات کەچی دروشمی کۆسمۆپۆلۆتیزم و ئینتەرناسیۆنالیزمی کرێکارانیان بەرز دەکردەوەو پێیان وابوو منی کرێکاری کوردی ژێر دەستە برای کرێکارێکی عەرەبی سەردەستەم و پێویستە هاوکاریی بکەم. بەڵام بیر لەوە نەدەکرایەوە ئایا هەمان هەستی ئەو هاوپشتییە لای بەرامبەر هەیە یان سوود لەو بڕ عەقڵی و هەستە نانەتەوەییەی من وەردەگرێ بۆ زیاتر چەوساندنەوەم هەروەك تائێستا زۆرجار نەتەوە داگیرکەرەکان ئەمجۆرە رێگەیەیان بەکارهێناوە.
من لەم کوردستانە لەبری جارێك سەد جار خۆم بەبرای کرێکارێکی تورك بزانم ئەو هەر پێی وایە من تورکی شاخاویم، عەرەبێکیش پێی وایە بڕ باوەڕو کافرم، فارسیش بەبڕ فەرهەنگ و بڕ مێژوو سەیرم دەکات و هەر لەم روانگەیەوە شەرعییەت بەداگیرکاریی جوگرافیاکەمان دەدات لەلایەن وڵاتەکەیەوە.
یەکێك لەو کاڵفامی و ساویلکەییەی کۆمۆنیستی کرێکاریی لەوەدا بوو لەلایان تێکەڵاوییەکی سەیر هەبوو لەنێوان شۆڤێنیزم و ناسیۆنالیزم و نەیاندەتوانی جیاوازیی ئەم

دوو چەمكەو ئەو دوو جۆرە مامەڵەیە بكەن، بەڕڕستی بێ ویژدانییە ئەگەر بتەوێ شۆڤێنیزم و ئەنفال و تەعریب و ئەنفال و كیمیایی و تیرۆریزمی عەرەبی و خەباتی رزگاریخوازی گەلی كورد بخەیتە تای تەرازووییەكەوو بەیەك چاو سەیریان بكەیت و شەرمەزاریی بەبالای هەردووكیاندا ببڕیت.
لینین – سەرەتا هات وتی (كرێكاران و گەلانی بندەستی دنیا یەكگرن) لینین، گەلانی بندەست و كۆلۆنیالكراوی دنیای لەچینی كرێكار جودا نەدەكردەوەو بگرە لای وابوو ئازادیی هەردووكیان پێكەوە بەستراوە بۆیە دەبێ پێكەوە خەبات بكەن و تێكۆشانیان بەیەكەوە گرێ بدەن، لینین وایدەبینی رزگاركردنی نەتەوە چەوساوەو ژێر دەستەكان لەژێر چنگی كۆلۆنیالیزم هەنگاوی یەكەمە رووەو سۆسیالیزم، ئاخر ولاتێك جارێ خۆی داگیركراوەو سەروەریی لێسەنراوەتەوە، ئیتر چۆن دەتوانرێ سۆسیالیزم تیایدا بەرقەرار بكرێ؟ دروست ئەمە بۆ كوردستانیش هەر هەمان شتە، كوردستانێك هێشتا خۆی بەسەر چوار دەوڵەتی دیكتاتۆری كۆنەپەرستدا دابەشكراوەو لەبەرداشی سیاسەتی ئەو ولاتە داگیركەرانەدا قڕو جینۆسایدكراوە، ئەگەر خۆی رزگار نەبێ و سەروەریی لەدەستی خۆی نەبێ، ئیتر تۆ چی تیا پیادە دەكەی؟ ئاخر تۆسۆسیالیزم لەخەیاڵ و ئەندێشەدا بەرقەرار دەكەی یان لەسەر جوگرافیایەكی ئازاد، جوگرافیایەك چەوساندنەوەی نەژادی و ئایینی و نەتەوەیی و تائیفی تێدا نەبێ.
من پێم وا نییە كۆمۆنیستی كرێكاریی مێژووی خوێندبێتەوە بەتایبەتی مێژووی دەسەلاتی سۆڤێت، چون ئەوكات دەیانزانی ئەو دەسەلاتەو سەركردەكانی و خودی لینین بەدەر نەبوون لەخەونە نەتەوەییەكان و بگرە لینین لەو سۆنگەیەوە یەكێك بوو لەخەمخۆرەكانی نەتەوەی رووس و زمانی نەتەوەیی رووس، لەچەندین نامەو وتارو بۆنەدا ئامارەی بۆ ئەوە كردووە دەبێ زمانی رووسی زیندوو بكرێتەوەو پاك بكرێتەوە لەوشەی نارەسەن، واتە لینین هەولیدەداو دەیویست بەچاوی خۆی زمانێكی رووسی ستانداری هاوچەرخ ببینێ، هەروەك خۆی دەلێ زمانێكی رەسەن و پاكژ، دیاریشە زمان یەكێكە لەكۆلەكە سەرەكییەكانی نەتەوەو دەتوانین بلێین بڕبڕە پشتی نەتەوەیەو لەسەر زەمیندا نەتەوەیەكیشمان پێ شك نایەت خاوەنی زمانی تایبەتی خۆی نەبێت.
لینین لە 18ی كانوونی دووەمی ساڵی 1920 لەنامەیەكیدا بۆ خاتوو لۆنا چارسكی (بەڕێوەبەری رۆشنبیریی میللی روسیا لەنێوان ساڵانی 1917-1929) دەنووسێ (تۆ بلێی كاتی دانانی فەرهەنگێكی رەسەنی زمانی رووسی نەهاتبێ، فەرهەنگی ئەو وشانەی لەئێستادا بەكاردەهێنرێت و نووسەرانی كلاسیكمان هەر لەپۆشكین تا گۆركی بەكاریان هێناوە) جارێكی تر لینین نامەیەكی تری هاوشێوەی لە 5ی ئایاری ساڵی 1920 ئاراستەی م. ن. بۆر كۆڤسكی (جێگری بەڕێوەبەری رۆشنبیریی میللی روسیا لەنێوان ساڵانی 1918-1928) كردوەو دەنووسێ "وەك فەرهەنگی – دال – نا بەلكو فەرهەنگێك بۆ كەلك لێوەرگرتن و خوێندنی هەموان، با بلێین فەرهەنگی زمانی رووسی هاوچەرخ"، لینین بۆیەشە فەرهەنگی (دال) ی نووسەر (ڤی. ئی. دال) ی رەت كردۆتەوە چونكە:
1-فەرهەنگی زمانی ئاخاوتن و ناوچەیی بووە.
2-كاتی بەسەرچوو بوو، واتە فەرهەنگێكی هاوچەرخ نەبوو.
بۆیەشە ئەو پێشنیاری ئەوەیكرد فەرهەنگێكی هەمەلایەنەو دەوڵەمەندی هاوچەرخی زمانی رووسی دروست بكرێ.

لینین ئەوەتا لەسەرەتای سەرکەوتنی شۆڕشەکەیان و پێکهێنانی دەسەڵاتی سۆسیالیستی لەڕوسیا، بیر لەپرۆژەی فەرهەنگێك بۆ زمانی نەتەوەکەی دەکاتەوە، فەرهەنگێك بێت کۆی وشە رەسەنەکانی زمانی رووسی تێدا کۆکرابێتەوە.

دوای سێ چارەکە سەدە بەسەر ئەو مێژووەدا کۆمۆنیستی کرێکاریی لەعێراق دێت گاڵتە بەزمانی کوردی دەکات و بەشتێکی سوك و کەمبایەخ سەیری دەکات.

ئەگەر سەیری بڵاوکراوەکانی (حککع) بکەین هەست بەو کارەساتە گەورەیە دەکەین بەسەر زمانی کوردیدا هێناویانەو بۆتە جۆرێکیش لەشێواندن و ئەتککردنی زمانی کوردیی.

باشترین تا خراپترین نووسەرەکانی کۆمۆنیستی کرێکاریی لەعێراق زمانێکی تێکەڵو پێکەڵی وەها بەکاردەهێنێت تا لەپەرەگرافێکدا دوو وشەی کوردی دەبینی و دەخوێنێتەوە بەر دەیان وشەی نامۆو بیانی و عەرەبی و فارسی دەکەویت.

لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەوان لە لینین کۆمۆنیست ترن وا بەو جۆرە مامەڵە لەگەڵ زمانی نەتەوەکەی خۆیان دەکەن؟ هەقوایە بەراوردێکی خۆیان و لینین بکەن، بەوەی لینین لەکاتی ئەوپەڕی دەسەڵاتی خۆیدا دەیەوێ فەرهەنگێك بۆ زمانەکەی دروست بکات بەڵام خۆیان لەمپەڕی بێ دەسەڵاتی و لاوازیاندا بەوجۆرە ناشرینە مامەڵە لەگەڵ زمانی کوردی دەکەن و تا بۆیان بکرێ دوژمنایەتیشی دەکەن.

لەوەش خراپتر، برادەرێکیان ئەمێستا لەکونجێکی ولاتێکی ئەوروپا کەوتووەو جار بەجار قەڵەمەکەی دژی ناسیۆنالیزمی کورد بادەدات، لەیەکێك لەژمارەکانی گۆڤاری (هانا) کەلەسوید دەردەچێت، هەستاوە بەنووسینی بەناو وتارێك بۆ جنێودان بۆ عەلامەی نەمر (هەژاری موکریانی) و گاڵتەکردن بەشاکارەکەی (فەرهەنگی هەمبانە بۆرینە) ئەم هەڤاڵە مام هەژار بەوە تۆمەتبار دەکات گوایە دژی ژنەو فەرهەنگەکەشی بەکۆنەپەرستانە لەقەڵەمدەداو تێر تێر پڕ بەکامی دڵی خۆیشی جنێو بەزمانی کوردی دەدات.

بەڵام تۆ سەیر بکە لینین چۆن رێز لەفەرهەنگی (دال) دەگرێ لەکاتێکدا (دال) خۆی ساڵی 1872 واتە دوو ساڵ دوای لەدایك بوونی لینین کۆچی دوایی کردووەو رۆژێك لەرۆژان کۆمۆنیست نەبووە، لینین بەرێزو خۆشەویستییەوە لەفەرهەنگی دال دەڕوانێ و لەو نامەیەی ئاراستەی (لۆناجارسکی) کردووەو لەساڵی 1940 لەرۆژنامەی (پراڤدا) بڵاوکراوەتەوە، دەنووسێ (بەداخ و شەرمەوە) تەنیا چەند رۆژێك لەمەوبەر بۆ یەکەمجار بەفەرهەنگە نایابەکەی – دال – ئاشنا بووم، شتێکی کەم وێنەیە. . ".

لینین رەفزی کاری کەسێکی وەك (دال) ناکات لەکاتێکدا ئەو کەسە لەدیدگای ئەودا بۆرژوازیشە، بەڵام کۆمۆنیستی کرێکاریی نەك ئەوەی تەقدیری کەسێکی وەك مام هەژار ناگرێ، بەڵکو بەوپەڕی حەماقەتەوە جنێوی ناشرین و نەشیاوی پێدەدەن.

-حەز دەکەم ئاماژەش بۆ ئەوە بکەم (لینین) هەر لەسەرەتاوە بانگەشەی رزگاریی گەلانی بندەستی دەداو خۆی بەیەکێك لەلایەنگرە سەرسەخت و شێلگیرەکانی ئەو نەتەوانە لەقەڵەمدەداو کاتی خۆیشی وتی (ئێمە پشتگیریی لەمافی سەربەخۆیی گەلانی چەوساوە دەکەین، واتە مافی ئازادیی و جیابوونەوەیانمان لا پیرۆزە) .

هەر لەو چوار چێوەشدا لەڕاگەیاندنی نۆڤەمبەری ساڵی 1917 لەدەیەمین کۆنگرەی شورای گشتی رووسیا، سەبارەت بەمافی چارەنووسی گەلان چوار بڕیار درا.

1-بەرابەریی و حاکم بوونی نەتەوەکان.
2-مافی جیابوونەوەو دەوڵەتی سەربەخۆ.
3-هەڵوەشاندنەوەی هەموو جۆرە ئیمتیازێکی ئاینی و نەتەوەیی و ناوچەیی.
4-بردنە سەری پلەی ژیانی کەمایەتییەکان لەناوخۆی سۆڤیەتدا.

بەڵام کۆمۆنیستی کرێکاریی دوایی چەندین دەیە لەدەرچوونی ئەم بڕیارنامەیە نەك مافی دەوڵەت بەکورد ڕەوانابینێ بەڵکو داکۆکیکردن لەخۆیشی بەشەرمەزاریی و پەڵەو لەکەو عەیبە دەبینێ.

ڕەنگبێ هەندێك لەبرادەرانی کۆمۆنیستی کرێکاریی بڵێن ئەی ئەوە نییە ئێمە داکۆکی لەخواستی سەربەخۆیی کوردستان دەکەین، بۆ ئەمەشیان لەوانەیە وەڵامماں ئەوە بێ ئەوە تاکتیکێکی سیاسی و حیزبییە بۆ ئەم قۆناغە نەك پرەنسیپ و ستراتیژێکی چەسپیوو.

-بەش بەحاڵی خۆشم تائێستا نەمدیتووە لەهیچ وڵات و شوێنێکی تر کۆمۆنیستەکان دژایەتی نەتەوەکەی خۆیان بکەن و دژی دەوڵەتی سەربەخۆ بن بۆ گەلەکەیان و شەرعییەت بەداگیرکاریی وڵاتەکەیان بدەن! ئیتر نازانم بۆ دەبێ کۆمۆنیستەکانی کورد بەوجۆرە مامەڵە لەگەڵ مەسەلەی نەتەوەیی بکەن لەکوردستان؟ دەبوو کۆمۆنیستە کوردەکان لەهەموو کەس جدیترو سووتر بوونایە لەڕاستای کێشەی نەتەوەیی کورد لەم دەقەرەدا، ئاخر کۆمۆنیستێکی تورکی داکۆکی لەدەوڵەتی تورکیا بکات یان نا چی لەوارەکە دەگۆرێ؟ خۆ تورك دەوڵەتی خۆی هەیەو خاوەنی باکگراوەندو ئاڵاو سەروەریی نیشتمانی خۆیەتی.

بەڵام کورد دەبێ چیتری هەبێ جگە لەتراژیدیاو قڕکردن و فەوتاندن بەچەکی کۆکوژ، تا کۆمۆنیستەکان دژی پرسی نەتەوەیی ئەم گەلە بوەستن و بەپەڵەی شەرمەزاریی نێو چەوانمانی بزانن.

ئەمە لەلایەك و لەلایەکی ترەوە خودی ناونانی حیزبەکە بەناوی (حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق) جێگەی پرسیارو لەسەر وەستانە، کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقی پێ وڵاتەو پێ شەرعی ترە لەکوردستان، ئاخر کامیان شەرعییەتیان هەیە: کوردستان کە خاوەنی مێژوویەکی دووردرێژو سروشتی خۆیەتی؟ یان ئەو عێراقەی بە بڕیاری ئیمپریالیزمی براوەی یەکەم جەنگی جیهانی دروستکرا، لەواقیعیشدا وڵاتێك نییە بەناوی عێراق جگە لەو سنوورە وەهمییەی بەئاگرو ئاسن و خوێن بەیەکەوە لکێنراوەو ناوینراوە عێراق.

ئاخر هێزێکی سیاسی زۆربەی سەرکردەو کادرەکانی کورد بن و عێراقچێتی بکەن و عێراقیان لەکوردستان پێ شەرعی تر بێ، دەبێ چ چاوەڕوانییەکی لێ بکرێ و کام پەتی هیوای پێوە ببەسترێ و دڵ بەکام سیاسەتی خۆش بکرێت؟.

کۆمۆنیستی کرێکاریی تەنانەت سەرکۆنەی حیزبی شیوعی کوردستان و عێراقی دەکرد، گوایە پشتگیریی لایەنە ناسیۆنالیستەکان دەکەن و گوتاری سیاسی حیزبەکانیان تێکەڵاو بەگوتارێکی ناسیۆنالیستی کردووە.

ئەوان پێیان وابوو دەبێ دەست لەحیزبی شیوعی بشۆن چونکە لەڕێڕەوە سەرەکییەکەی کۆمۆنیزم لایداوە کە ئەویش ئینتەرناسیۆنالیزمە، چون حیزبی شیوعی کوردستان پێی وانەبوو مەسەلەی کوردستان و کێشەی نەتەوەیی گەلی کوردستان شتێکی دابڕاو بێ لەخەبات و تێکۆشانی کۆمۆنیستی.

هەرواش لەدیدی کۆمۆنیستی کرێکاریدا ناسیۆنالیزم لەچاوی پارتی و یەکێتی دا دەبینرایەوە، ئەز پێموانییە تا ئەم چرکەساتەش پارتی و یەکێتی توانیبێتیان خاوەنی گوتارێکی ناسیۆنالیستی کوردانە بن، بەڵکو ئەوان هێشتا لەژێر کاریگەریی خێڵ و دیدگا چەپڕەوییەکان رزگاریان نەبووە، تائێستا ئەوان (پارتی و یەکێتی) نەیانتوانیوە نوێنەری ڕاستەقینەی ناسیۆنالیزم بن لەکوردستان، چونکە چەمکی ناسیۆنالیزم هەر خۆی تازە لەسەر هەڵدانایە، ئەوەشی پارتی و یەکێتی کوردوویانە کاردانەوەی ستەمی نەتەوایەتی بووە لەسەر کورد نەك ناسیۆنالیزم، یان بەدیوێکی تردا ئەوەی پارتی و یەکێتی

دروستکردووەو شەرعییەتی پێداوە پاڵەپەستۆی نەتەوەی سەردەست بووە لەسەر کورد، نەك ئەوەی پارتی و یەکێتی هەڵقولاوی دیدێکی نەتەوەیی قووڵ بن بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان.
کۆمۆنیستی کرێکاریی لەبەر نەخوێندەواریی و کۆڵیان لەسیاسەتدا لەمەشیاندا نەیانتوانیبوو دروست ئامانجی خۆیان بپێکن و خێڵ و ناسیۆنالیزم لێکجودا بکەنەوە..
-کۆمۆنیستی کرێکاریی بەجۆرێك دژایەتی رابوونی نەتەوەیی و سەرهەڵدانی بیرۆکەی ناسیۆنالیزمیی کوردی دەکرد مرۆڤ ناتوانێ بڵێ ئەمە شتێکی سادەو راگوزەرە بەڵکو دەیخاتە بەردەم ئەو گومانەی دەستێکی بێگانە یان دەرەکی لەپشت ئەم جۆرە رەوتانەوە بێ بۆ دژایەتیکردنی بزوتنەوەی نەتەوەیی لەکوردستاندا، مرۆڤ ناتوانێ گومانی ئەوە نەکات ئەم سیاسەتانە چەندە نەخشە بۆ کێشراوو جەهەنەمییە، خۆ ئەگەر ئەم گومانەش راست نەبێ و دەستی دەرەکی لەپشتی کۆمۆنیستی کرێکارییەوە نەبێ، ئەوە سیاسەتەکانی حککع و کۆمۆنیستی کرێککاریی لەئێران بەجۆرێکە مرۆڤ دەخەنە سەر کەڵکەڵەی بیر کردنەوەی لەو شێوازە.
دواجار کۆمۆنیستی کرێکاریی لەبری ئەوەی کار لەسەر کۆکردنەوەی توانا ناڕازییەکانی دەرەوەی پارتی و یەکێتی بکات و گوتاری سیاسی خۆی تێکەڵ بەئێش و ئازارەکانی گەلی کورد بکات و هەوڵبدات سەنگەرێکی جیاواز بێ لەدژی داگیرکەران، دێت گاڵتە و قەشمەریی بەڕوحی نەتەوەیی کورد دەکات و زۆر بازاڕیی و بێ عەقڵانە بەهەر چوار لای خۆیدا جنێو پرژێنی نەتەوەو ئالا دەکات و سەرکردەکەیان وا رادەگەیەنێ هیچ جیاوازییەك لەنێوان ئالای بەعس و کوردستاندا بەدی ناکات؟!.
ئەم سیاسەتە دیماگۆگییەو ئەم هەرزەکاریی و سەرلێشێواویەو دوژمنایەتییە توندەو کینە لەدڵییە بەرامبەر بەناسیۆنالیزم، جارێکی تر بەڵگەی ئیفلاسی و ناتەندروستی سیاسەتەکانی (حککع) و خودی رەوتەکە دەسەلمێنێ.
ماوەتەوە بڵێین، مارکس لە (مانیفێست) دا دەنووسێ (ئەشرافی فەرەنساو ئینگلیز بەپێی بارودۆخی گونجاوی مێژوویی خۆیان، ئەرکی ئەوە بوو کە لەدژی کۆمەڵگەی سەردەمی بۆرژوازیی – هەجو – نامە بنووسێ) کۆمۆنیستە دەست بەتاڵەکانی تەریقەتی حیکمەتیزم چی تریان بۆ نەماوەتەوە مەگەر وەك ئەشرافی فەرەنساو ئینگلیز هەجونامەو جنێو بنووسن لەدژی کوردو خەباتەکە بێ وچانەکەی لەپێناوی ئازادیدا.
(ماویەتی)